# سەیری ئەوانەی خوارەوەی خۆتان بکەن، وسەیری ئەوانەی سەرەوەی خۆتان مەکەن، چونکە ئەمە وا دەکات کە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە بە کەم نەزانن

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «سەیری ئەوانەی خوارەوەی خۆتان بکەن، وسەیری ئەوانەی سەرەوەی خۆتان مەکەن، چونکە ئەمە وا دەکات کە نیعمەتەکانی خوای گەورە بەسەرتانەوە بە کەم نەزانن».
[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمانیکردووە بەوەی مسوڵمان لە شتە دونیاییەکان وەکو پلە وماڵ وناوبانگی وشتومەکی تر سەیری حاڵی ئەوانەی خوارەوەی خۆی بکات، ولە شتی دونیاییدا سەیری ئەوانەی سەرەوە نەکات کە لە ئەو باشترن، چونکە ئەگەر سەیری ئەوانەی خوارەوەی خۆی بکات ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی نیعمەتەکانی الله بە کەم نەزانێت.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5341